# بێئارامە هەمیشەییەکانی مرۆڤ

د. عەلی شەریعەتی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کۆسار ڕەشید هەڵەبجەیی



لــە سروشــتی مرۆڤــدا چــەندین هەســتی ناتەواویــە جۆراوجۆرەکانی بوونی هەیە، جۆرێکی هەستی ناتەواویەکانی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە کە بێ ئارامیە هەمیشــەییەکانی لــە مرۆڤدا دروستی دەکاتەوە، ئەم بێ ئارامیە راستەوخۆ خواستن و جوڵەو هەژمونو داخوازی لە مرۆڤدا دروستی دەکـات، نمونەی ئەم هەستی ناتەواویانەی کە من دەیلێم زادەی هەستی ئاینی و هونەرو عیرفانە، ئەو جۆرە شتانەیە و زۆرزۆرە.

بنچــینەی هــەر مەبەســتێك پێویســتە لەســەر بابــەتێك جێگربێت و نمونەی جۆراوجۆر بەدەستەوە بدات بـۆ ئـەوەی ئەو مەبەستە لەق‌و لەرزۆك نەکرێت و نکۆڵی لێنەکرێت.

کۆمەڵە ئارەزوانێك لە مرۆڤدا بوونی هەیە کە دەتوانرێت پێرستەکەی رێکبخرێت لە سروشتی مرۆڤدا ئەو باوەڕویەقینە هەیە کەوا ئەو چەمکانەی کە مـرۆڤ پێویسـتی پێیانـە ، هـیچ کاتە لەم دونیایـە بـوونی نییـەو ناتوانرێـت بـوونی هـەبێت، مرۆڤیش پێیان ئارەزومەندە بەڵام نییە.

یەکێك نەمر ونەنەمری یەکێ نەچاکترین چاکی کـە ئێمـە هەمیشە چـاوەڕوانی لێدەکـەین، باشـتر بـوونی هەیـە، بـەڵام باشــترین بــوونی نییــە، کــە ئێمــە پێــی ئارەزومەنــدین واتــە پێویستمان پێیەتی ، ئارەزومەنـدین بەتـەواوتر و لەدونیاشـدا هەیە، بەڵام بە تـەواین واتـە تـەواوی رەهـا ئارەزومەنـدین و لەدونیادا بوونی نییە، ئێمە بە نەمر مانەوەو هەمیشەی خۆمانە بەو ئەندازەیەی کە باوەڕەمان پێیەتی‌و بەهای بێ رەوا دەبینین ئـاوات‌و ئارەزومـان هەیـە ، ئـەم ئـارەزوە لــە سروشـتماندا چێنراوە، بەڵام هەمیشەی و مانەوەبوونی نییە، لەم دونیایەشدا لە مرۆڤی نیاندەرتاڵەوە تـا ئێسـتا، ئـەم هەسـتە لــە دەرونـی مرۆڤدا هـەربوونی هـەبووە، مردووەکانیـان لـە نێـو خاکـدا سپاردووە و خۆراکیانی بۆ داناون، ئەمە زادەی چییە؟ زادەی ئارەزومەندییە بە نەمری کە هاوڕا لەگـەڵ یەکـەمین ئـاژەڵی نزیك بە مرۆڤ ، واتە لەگەڵ یەکـەمین هـەنگاوێك کـە مـرۆڤ هاویشتییە نێو سنوری مرۆڤ بوونییەوە ئـەم هەسـتە دورسـت بووە.

جوانی رەها، راستی رەها، تەواوی رەها، چاکترین چاکی، خاوێنترین خاوێن، گەورەترین گەورە، باشترین بـاش، ئەمانـە هەموو بت و پەرستگا هەمیشەییەکانی دەرونـی مرۆڤایەتیـەو مرۆڤ هەمیشە بەمانـە ئارەزومەنـدبوەو هەمیشـە کەڵکەڵـەی ئەمانــەی هــەبووە، بــیری لێکردۆتــەوەو هەمیشــە لــە لێکۆڵینەوەی دابوەو هیچ کات بەدەستی نەهێناوەو زانیویەتی کە نییە. چونکە هەرچی دەبینین ، رێژەی‌و زووتێپەڕو کاتییە، رەها بوونی نییە.

## جوانی رەها، راستی رەها، تەواوی رەها، چاکترین چاکی، خاوێنترین خاوێن، گەورەترین گەورە، باشترین باش، ئەمانە هەموو بت و پەرستگا هەمیشەییەکانی دەرونی مرۆڤایەتییە

دوو پرسیار دەردەکەون وسەرهەڵدێنن: یەکەم ئەوەیە کـە ئەم چەمکانە کە لەدونیادا بوونیان نییە لە کوێوە هاتونەتە نێو بـیرو هۆشـی مرۆڤـەوە ، تـەواوی لەدیـدەی ناتـەواوەوە بـە بیردێت و دێتە بوونی، ئەم تەواویەکە لەسـەر بنـەمای دیتنـی ناتەواوێك لەبیرو هۆشی مندا دروست دەبێت، تـەواوە بـەڵام بەنسـبەتە چییەوە؟ بەنسـبەت هەمانـە کەمیەوەکـە دیومـە، کەواتە ئەم تەواویە کە هاتۆتە نێو بیرەوەرییەوە ، رەهای تەواو نییە ، لەم رووەوە لەبیرەوەری منـدا چـاوەڕوانیەك نییـە، بـۆ تەواوی رەها، بەڵام لـەنێو منـدا ئارەزومەنـدیوونی هەیـە بـە تەواوی رەها، ئەم دووشتە لەگـەڵ یەکەیـدا جیـاوازن. مـن کاتێك کە نەخۆشێك دەبینم، لەلــەش سـاغی و تەندورسـتی تێدەگەم کاتێك کە مردنێك دەبینم، لە زیندوبوونی تێدەگەم، بـەڵام ئـەم زینـدوێتی و تەندروسـتییە بەنسـبەت مـەرگ و نەخۆشیەوە زیندوێتی و لەش ساغیە، بەڵام لەسروشـتی منـدا ئەگەرچی وێنەیەکی بیرەوەری ئاشکرای تـەواوی رەهـابوونی نییە کە چییەو چۆنە، بەڵام لــە سروشـتی منـدا پەیوەنـدی و

کەڵکەڵەو بێئارامی و نیازی ئێستەو هەمیشە بوونی هەیە، بەدرێژای مێژوو هەمیشە مرۆڤ لە لێکۆڵینەوە بەشوێن ئەم ڕەهایانەدابووە، نە وەك ڕەهایانێك کە لەم ڕێژەییانەوە وەرمانگرتبێت، چونکە هەر ڕەهایەتیەك لەرێژییەوە وەربیگرین دووبارە ڕێژەییە.

**ئەم هەستی نائارامییە لەتاکەکاندا جیاوازە، لەبەرئەوەی کە دوا پلەی ویستەکان جوانیو گەورەی هەیە لەسەرسروشتی و نەرمیو تەواوکاری رۆحی مرۆڤ، لەدیدی مرۆڤێکی رەش بینەوە، گەورەترین ئایدیال ئاسمانە نەك ئێرە، هەورەکان بەشێکن لە دوونیاکی دیکە نەوەك ئێرە**

ئەم چەمکانە "ڕەهاکانی" وەك ئەوە وایە کە لەم سروشتەدا هەڵقوڵابێت و لەسروشتی مرۆڤدا نەچێنرابێت ، وەك ئەوە وایەکە لە جێگایەکی دیکەدا لە سروشتی مرۆڤدا دروست بووبێت، بەهەرحاڵ لە هەرجێگەیەکدا هاتبێتەبوون گومانی لەوەدا نییە کە ئەگەر سەیرێکی هەموو ئەخلاقەکان و، ئاینەکانی و هەموو ئەدەبیاتە باڵاکانی مرۆڤ بکەین بەدرێژایی مێژوو، دەبینین کەوا مرۆڤ هەمیشە لە لێکۆڵینەوەو بەشوێن ئەم چەمکانەو بەها گەورەو ڕەها باڵاکاندابووە((ڕەها بەواتا تەواوە فەلسەفیەکەی)ە ئەگەر چی سەرکەوتنی بەدەستی نەهێناوە لە گەیشتن بەوانەدا، بەڵام ئەم خواستە، هەمیشە نەپچڕاو کۆتا نەهاتوو بووە، دیسانە لەلایەکەوە ئەم باوەڕە هەیە کە ئەم چەمکە باڵایانە لەم دونیایەدا نییە و لەمەشدا گومان نییە کە دونیا ناپەسەندو ڕێژەییو بێبەهایە، کەواتە هەستی ناتەواویە هەمیشەییەکانی مرۆڤ لێرەدا سەرچاوە دەگرێت کە هەم چەمکێکی باڵای ڕەها لەسروشتیدا هەیە کەوا هەمیشە ئەو بەتینوێتی دەهێڵێتەوە، هەم بەشەریش دەزانێت کە لەم دونیایەدا بوونی نییە، لێرەدا مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەئاڕاستەی (نەك ئەم دونیایە) تێدەگاتە ڕاستەوخۆ بەرەو جێگایەك کە نازانێت کوێیە دەڕوات، بەڵام ئەم چەمکە جێگای ئەوێیە و داخوازی بەدەستی دێنێت، ئەلێرەدا هەستی بەدبینی و هەستی ناتەواویەکانی نسبەتە(بەوەی کە هەیە) و باوەڕ بەوەی کەوا ئەوناتەواویانەی کە هەمە لەنێو ئەم دونیایەدا بوونی نییە، نوێ دەبێتەوەو بەدبینی نسبەتە، بە (هەرچی هەیە) بێئارامییەك دورست دەکات بەژیانم، کەوا لەجێگایەکدام ئەوەی کە دەمەوێت نییە، ئەمانە هەمویان تێم دەگەیەنێ لێرە، نە ئەم دوونیایە ، نەدونیایەکی دیکە، جیهانێکی دیکە، بەهەشت ، غەیب هەر ناوێك کە دەتەوێت لێی بنێیت" غەیب" لە هەموو ئەمانە جوانترە، غەیب واتە نەئێرە واتە جێگایەك کە ئێمە هیچ چاوەڕوانیەكو وێنایەکمان بۆی نییە، هەستی بێزار بون لەوەی کە هەیەو ئارەزومەندبوون بەوەی کە پێویستە هەبێتو نییە، هەستی ئەوەی کە نازانم لەچ جێگایەك کە ئێرە نییە، پێویستە یەکەمین پرشنگێك بێت کە بەدرێژای مێژوو لەنێو رۆحی مرۆڤدا پەیدابووەو بەدیارکەوتووە، مێژووش ئەم ووتەیە دەسەلمێنێت ئەم پێناسەیە لەگەڵ هەموو هەوڵە جۆراجۆرەکانی ئاین لەدرێژای مێژوو دا لەسەرەتاییترین ئاینەکانەوە (ئەنیمیزم وفتی شیزم) تا ئاینە ماوراو زانستیەکانی ئەمڕۆ دەگونجێنو هاورایە.

ئەم هەستی نائارامییە لەتاکەکاندا جیاوازە، لەبەرئەوەی کە دوا پلەی ویستەکان جوانیو گەورەی هەیە لەسەرسروشتی و نەرمیو تەواوکاری رۆحی مرۆڤ، لەدیدی مرۆڤێکی رەش بینەوە، گەورەترین ئایدیال ئاسمانە نەك ئێرە، هەورەکان بەشێکن لە دوونیاکی دیکە نەوەك ئێرە، لەم دۆزینەوە سەرەتاییەدا هەمان ئەو هەستەی کە مرۆڤی بێزارکردووە لەزەوی و خاك وئەوەی بە هەموو توانایەوە کێشکردووە بەرەو ئاسمان هەمان ئەو ئاسمانەی کە ئێمە ئەمڕۆ ئەیناسینو هەموو رۆژێك تێیدا پەروازدەکەین، بەڵام لەدیدی ئەودا دەرگای دونیای هێمادار بووە، نەوەك" ئێرە"

وادەبینرێت لەدیدگاو ئارەزووی ئەنشتاینەوە لەگەڵ ئەودا نەوەك " ئێرە" یەك كەوا ماوراو مادەو زەویەو نائارامی گەشتنی هەیە بەوێ هەردوو هەستەكە یەكێكن جیاوازی ئەم دوانە لەرەگەزدا نییە، لەپلەونمرەدایە، لەنمرەی گوزارشتی كەوا لەسەر میتافیزیك هەیانە لەسەر نمرەی ناسینێك هەیانە كەوا دەربارەی ناتەواوییان هەیە، لەنمرەدا چاوەڕوانیەك كە هەیانە لە جوانی ڕەها، نامیرائی ڕەها، گەورەیی ڕەهاو .... ئەو بالآترین هەیبەتی لە خۆردادەبینێت ، بالآترین جوانی ڕەها لەمانگدا دەبینێت و دەبێتە مانگ پەرستن یان خۆرپەرستن بەهۆی چ هەیبەتێكەوەیە بەدیهاتوییەكی بچوكی وەكو " خۆر" گەورەیی و هەیبەتێكی ڕەها لە خۆدەگرێت؟ لەبەرئەوەیەكە وا نمرە یاخود پلەی بینینیشی لاوازترە، " ئەوەی هەیە" عارفێكی گەورە" هەموو دونیای دروستكراو" ئەوەی كە هەیە: مرۆڤێكی سەرەتای هەمان ژیانێكی كەم بەهاو هەستیارەكی ئەوەی سنوردار كردووە.

دونیاو دونیابینی، ئەم دوانە یەكێك نین بەدرێژای مێژوو ، لە هەموو بەرهەمە ئەدەبی و ئاینیەكانیشدا ڕەش بینیو هەم بێئارامی ئارەزویەكی هەڵهاتن بوونی هەیە لەوەی (كەوا هەیە) زەمزەمەیەك لەدەرگای ئەودا نازانم لە كوێ نازانم لە كوێ بوونی هەیە ، هەموو پارانەوەكان هەر ئەمەیە ، لەیەكەمینی ئەو پاشماوانەی كە لە ئەشكەوتەكانی ئیسپانیا هەڵكوڵراون، تا بالآترین ئەو سرودانەی كە لەكلێساكانەو پەرستگاكاندا دەخوێنران، هەموو نیشاندەری ئاینین.

بە بڕوای من هەمان ئارەزو بەم ڕەهایەتی و ڕەهایانە باوەڕی بە خودایانی، بەناونیشانی بوونی خاوەن توانای ئەم ڕەهایەتیانەی، لەبیروەوەریەكاندا دروستكردووەو پاشان وێنای بوونەوەری خاوەن ئەم ڕەهاییانە، مرۆڤی كێشكردووە بەرەو خودای تاقانە ڕاستەوخۆو بەتۆپزی خودایانی هەژماركراو پێویستە بگۆڕدرێت بەخودایەكی تاقانە بۆ؟ چونكە ئەگەر هەر



د. عەلی شەریعەتی

خودایەك نوێنەری یەكێك لەم ڕەهاییانە بێت، ئەوا دووبارە ئەگەری وونكردنی ئەو هەیە لە خودایەكی دیكەدا، كەواتە چ شتێك ئەو ئارەزوی نائارامی و شپرزەییەی مرۆڤ بە تەواوەتی تێردەكات. ڕاسپێری شتێك كە دونیای لێوان لێو بێت لە هەموو ڕەهاییەكان.

بۆچی غەم و نائارامی تایبەتمەندییەكی بنەڕەتی مرۆڤە؟ مرۆڤ لە ژیاندا حاڵەتی جۆراوجۆری هەیە دەتوانرێت هەندێكیان بالآترین حاڵەت بێت كە مرۆڤ دەبەستێتەوە بەخۆیەوە لە كاتێكدا من سواری پاسكیلم و پایدەرلێدەدەم یان یاری دووگۆڵی دەكەم .. باشترین حاڵەتی لە مندا

دروست نابێت و پەیدا نابێت، باشترین حاڵەت کاتێ لە مندا دێتە بوون کە بیر لە تەنهای خۆمو لەخۆم و لەدونیای بوون، دەکەمەوە، لەدۆخێکی وەهادا من باڵاترین حاڵەتی خوازراوی خۆم بەدەست دێنم ، ئالەو کاتەدا کە ورد دەبمەوە لە هەرچی کە هەیە نەك " بیرکردنەوە"، حاڵەتی توپزی و یەکجارەکی غەموو پەژارەیی روم لێدەنێن، لەوکاتەدا ناتوانم حاڵەتی شادی و خۆشی چۆلەکەکانم هەبێت.

بۆچی لە هەموو بەرهەمە ئەدەبیەکاندا لەدێرزەمانەوە تائێستا، بەرهەمی تراژیدی و غەم ئەنگیزبە پیرۆزترین‌و باڵاترین بەرهەمی مرۆی ژمێردراوە؟ چونکە بەرهەمێکە کەوا نزیکترە لە ئارەزوە خوازراو ماوراویەکانی مرۆڤەوە ، مرۆڤ بەو ئەندازەیەی کە پەیوەندی هەمیشەی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە، مرۆڤترە بۆچی عادەتەن حالاتێك کە تیایاندا چێژو شادی و خۆشی رومان لێدەنێن" نەك هەموو کاتیش" حاڵەتی رۆژانەی بێبەهاو سادەیە؟ لە هەموو ئەم هۆکارانە دامالڕاون و شۆراونەتەوە، بەشوێن بەرهەمی ئەدەبی و هونەری غەم ئەنگێزدا دەگەرێن‌و ئەو غەمەی کە لەبەرهەمی هونەریدا هەیە، زیاتر تینوێتیان دەشکێنێت تا کومیدیاو فەنتازیای منالانە؟ چونکە لەبەرهەمی هونەری غەمناکدا، مرۆڤ دەگەرێتەوە بۆ ناتەوایە خوازراوەکانی و لەباڵاترین حاڵەتدایە کە مرۆڤ هەست بەو ناتەواویانە دەکات ، ئەگەر نا لەحاڵەتی ئاسایی رۆژانەی ناتەواویە ئاساییەکان هەستی پێدەکات و لەبەدەستی خستنی ئەم ناتەواویانەدا دیسان دەکەوێتە نێو جۆشی و خۆشیەوە.

غەم و خەفەتی جیاوازن من ئەگەر بەهۆی کەمی پلەکەمەوە دڵتەنگ بم ئەوە خەفەتە، غەم نییە، غەم لە خەفەت شادی باڵاترە، بە هەمان شێوەی کە فیلمە تراژیدییەکان جیاوازن لەگەڵ فیلمە خەفەتدارەکاندا، غەم بەو حاڵەتە قوڵو قۆچاخ و پڕ لە کوششی و هەژێنەرانە دەڵێن کە مرۆڤ لە حاڵەتێکدا کە هەموو بوونی و خودی خۆیشی و پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو دونیادا خستوژێر بیرکردنەوەو تێڕامانە، و لەنێو رۆحیشیدا دروست دەبێت.

ناتەواویە سادەو بێبەهاکانی رۆژانە" خەفەتی " دروست دەکات‌و ناتەواویە باڵاکانیش" غەم" هەردوکیان، ویستن، هەوڵ و ئارەزو دروستدەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانج، خەفەت هەوڵی گەیشتنە بە کەم و کورتیە بێبەهاکانی رۆژانە، غەم ئارەزوە باڵاکانی وەکو" ئاین، عیرفانی، هونەر" و ئەو هەوڵانە دورستدەکات کە لەو بازنەیەدان.

## باشترین حاڵەت کاتێ لە مندا دێتە بوون کە بیر لە تەنهای خۆمو لەخۆم و لەدونیای بوون، دەکەمەوە، لەدۆخێکی وەهادا من باڵاترین حاڵەتی خوازراوی خۆم بەدەست دێنم

لەیەك رستەدا، بەدرێژای مێژوو نزا(پارانەوە) چی بووە؟ نزا دوو جۆرە کەوا بەداخەوە لە زمانی ئێمەدا(فارسی) یەك ناومان هەیە بۆ هەردوو جۆرەکە: یەکێکیان داخوازە، داخواز لەو شتانەی کە نیمانە لەکەسێك کە دەتوانین ئەوانەمان پێ ببەخشێت، ئەم جۆرە نزایای بنکەکانی و فرۆشتن جۆرەکەی دیکەی نزا لە ئاستێکی زۆر باڵادایە و هیچ کات داخوازییە، ئاوازە، زەمزەمەیە، ناڵێنە لەتاودوری و غوربەت‌و ئارەزووکرد نەیەگەڕانەوە، مرۆڤی غەریب بۆ گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، چ هەوڵبدات وە یان لە هەمان غوربەتدا " کەوا ئاهەنگی گەڕانەوەی نییە وەیان ناتوانین هەیبێت" لە تەنیای یادگاریەکانیدا و تینوێتی وتینی گەڕانەوە بە زەمزەکە دەکات، ئەم زەمزەمەیە داخوازی نییە، حاڵەتی باڵای غەریبییە، نزای جۆری دووەم لە رەگەزی زەمزەمەی ئەم غەریبەیە کە جۆرێك ئارامکردنی‌و هێمنی کردنەوەی دڵتەنگی‌و بێتواناییە کە بەهۆی بەسەربردنی ژینەوەیە لە غەریبی و دوری.

ئەگەر ئاین‌و بە واتای وەڵام بەبێ ئارامی و کەڵکەڵەی دەرونی‌و مرۆڤ و ونکردنی هاوڕەگەزبوونی لەگەڵ سروشتدا وەربگرین، دەبنیین کەوا مرۆڤ هەردەم ئاینی تری دەبێت بەڵگەش بۆ ئەمە هونەری ئەمرۆییە، لە هونەری رۆما نتیکدا

کەوا هونەری ئەمرۆی ئێمەیە، پەرێشانی و بی ئارامی زیاترە وەك لە هونەری کلاسیك لە مۆزیك ، وێنەکێشان، ئەدەبیات، تەلارسازی ، دیکۆراسیۆن...هتد بێ ئارامی، بە هەستی ناتەواویەکانی ڕەشبینی نسبەتی بەوەی کە هەیە، بێ ئارامی و کەڵکەڵەو غەمی زیاترە تا لەبەرهەمی شێوەی کلاسیکیدا بەرهەمی هونەری کلاسێك چیە؟ کۆپیەك یان رازاندنەوەیەکی شادی سروشتە، لەکاتێکدا کە بەرهەمی رۆمانتیك زۆربەی جار بەرهەمێکی بیزارو هەڵهاتوە لەسروشت، لە ژیانی رۆژانەو لەوەی کەوا دەستی پێبگاتو بەدەست بهێنرێت، بۆچی ئەمرۆ وێنەکێشێك سینیەك لەگەڵ خەیارو قاشێك کەڵەکەوە... هتد. دانانێتو وێنەیان بکێشێت، لەکاتێکدا لەبەرهەمی کلاسیکدا شتی زۆری لەو بابەتەنەکراوە؟ بۆچی ئەمرۆ مۆزیسیۆن، وێنەکێشی، وێنەگرە... هتد شتێکی سروشتی ناکە نەمەبەستن و وەك مۆدیل بەکاری ناهێنن؟ بۆچی تەنانەت لەشعریشدا لەسروشت بێزارن؟ تەنانەت شعرێکی ناتوارالیستی کە لەدەورەی رۆمانتکیدا دروستدەکرێت(لەگەڵ ئەودا کە ناتورالیستە) وەك مەنوچەری وەسفی بەهار ناکات، وەسفی بەهارێك دەکات کەوا بوونی نییە، من لەسەرەتای نقدی ئەدەبدا نوسیومە بۆچی ئەو رۆمانەی کە بالاترو ناسکترن، غەمو پاییزیان زیاتر خۆش دەوێت، چونکە غەم و پایز لە سنوری کۆتای نزیکترن، بۆچی خۆر ئاوابوونی مرۆڤ زیاتر بەرەو سەرنجدان و بیرکردنەوە رادەکێشێتو چێژێکی قوڵو خرۆشێنەری هەمیشە بە مرۆڤە دەبەخشێت، لەکاتێکدا بەرەبەیانی جۆشێکی لە خەوبێداربوونو هەستانەوەو بەرەو سەرمێزی خواردنی بە مرۆڤی دەبەخشێت؟ خۆرئاوابوون(غروب) مرۆڤ بەرەو کەنارێك کێش دەکات، لە هەموو شتێکی رۆژانەی ، جیادەکاتەوەو مرۆڤ بەرەو خۆی و لەنێو خۆیدا ونەدەکات، بۆچی ئەم دوو هەستە دژبەیەکە لەدوو دیمەنی هاوشێوەدا لەگەڵ مرۆڤدا یەکدەگرن؟ چونکە لەیەکێکیاندا کۆتای دەبینرێتو کۆتایش بریتییە لە سنوری ئەوەی کە پێویستە هەبێت ونییە.

**ئەگەر ئاینو بە واتای وەڵام بەبێ ئارامی و کەڵکەڵەی دەرونیو مرۆڤ و ونکردنی هاوڕەگەزبوونی لەگەڵ سروشتدا وەربگرین، دەبنیین کەوا مرۆڤ هەردەم ئاینی تری دەبێت بەڵگەش بۆ ئەمە هونەری ئەمرۆییە**

هەستی ناتەواویەکانی لە سروشتی بەریندا کەوا مرۆڤی بەستۆنەوە و سنورداری کردووە لە هەموو مرۆڤەکاندا هاوپلەو هاوسنورینە، ئەم هەستی، مرۆڤ بەو ئەندازەی کە گەشەدەکات بێگانەی و لەدەستیدانیو هاو رەگەزی و چونیەکی زیاترو قوڵتر هەستپێدەکات تەنانەت بەئاستێك دەگات کە لەگەڵ خۆیشیدا نامۆو بێگانە دەبێت، چونکە خۆیشی بەزادەی هەمان سروشتی دەزانێت و تەنانەت بەگوزارشتی خوداو قورئان، مرۆڤ لە بێبەهاترین جۆری ئەم سروشتە واتە لە قوڕی شل ولیتە دروستکراوە.

مرۆڤ لەم گوزارشتەدا مرۆڤێکە کەوا لەپاش نیاندەرتاڵەوە هاتوە کەکلکی نییە واتە بێ کلکەو نێو لەپی دەستی بێ مووە.

**خەفەت هەوڵی گەیشتنە بە کەم و کورتیە بێبەهاکانی رۆژانە، غەم ئارەزوە باڵاکانی وەکو" ئاین، عیرفانی، هونەر" و ئەو هەوڵانە دورستدەکات کە لەو بازنەیەدان**

مرۆڤ لەم گوزارشتەدا بریتییە لەو هەستە هێمادارە ماورائیەی کە هەموو کەس لە ناخی خۆیدا هەست بە راستی و حقیقی خۆی دەکات، پەیوەندی بە چۆنیەتی تەواوکاری خۆیەوە هەیە، بەم واتایەی تەواوکاری ، تەواوکاری بریتییە لەو نێوەندەی کە روح و هەر تاکێك وەریدەگرێت، لەگەڵ شوێنی ژینگە سروشتی خۆیدا،هەڵبەتە ئەو دوری و نێوەندە راستو دروستەی خۆی نەوەك لادراوە.

لەم ڕووەوە مرۆڤ لە زمانی مندا زاتێك یان ناوێکی تایبەتی نییە، بەڵکو حالەتێك وسفەتێکەوە دەکرێت باڵاتری بکەیت و بڵێیت(ئەو کەسە مرۆڤترە)... ئەو کەسە مرۆڤترە، واتە هەر کەسێك کە نێوەند لەدەست دانونە بوونی هاورەگەزی لەگەڵ سروشتێکدا کە مرۆڤ لە نێوەیەکدا کەوا هاوبەشە لەگەڵیدا ، زیاترە(ئەو کەسە مرۆڤترە) واتە کەسێك کەوا بە ئەندازەیەك گەشەی بەدەستهێناوە ئامادەی کاتو شوێنی، کەوا ڕەهەندە بنەڕەتیەکانی سروشتیو شارستانیەتی مادی بنیاد دەنێن، وا هەستدەکات پەستان دەهێنێ و دروستی دەکات لەسەربوونەو ژینی(ئەو کەسە مرۆڤترە) بەم واتاییەی کە ئەم ئامادەییە(مکان)[1] یە بۆ خۆی بە تەنگ وتاردەبینێت.

ئەم "مکان" ە کەوا" بەم واتایە" بۆ مرۆڤی بچوکو سادە زۆر گەورەو فراوانە، بۆ کەسانێکیش کەوا گەشەی زیاتریان

## بەگوزارشتی خوداو قورئان، مرۆڤ لە بێبەهاترین جۆری ئەم سروشتە واتە لە قوڕی شل ولیتە دروستکراوە

هەیەو مرۆڤترن، قەفەسێکی غەم هێنەرە.

ئەم گەشەو ئامادەییە گەشەییە لە مرۆڤدا بە ئەندازەیەك فراوانو سەیرە دەگات بەو ئاستەی کە مرۆڤ وا هەست دەکات لە نێو ئەم" مکان"ە دا ناگونجێنو ناتوانێت بژی و هەستی بە تەنگی و تەنگنا دەکات، سەرەنجام بەهەمان ئەندازە پەستانو نارەحەتی لەنێو خۆیدا هەست پێدەکات. بالاترین نیشانەی تەواوی رۆحێك ئەندازەی ئەو هەستی نارەحەتیەیەکە هەیەتی بۆ ژیان، غەم و نارەحەتی و ئێش و ئازارێکی بوونیان هەیە کە هەندێکیان نا پەسەندو بێبەهاو لەگەڵ ئەوەشدا غەرقی نێو چێژو شادین.

بەڵام جۆرێکی بێئارامی و تاسانی بوونی هەیە کەوا زۆر تەواو کارەو نیشانەی تاواویەتی نائاسای مرۆڤە ئەویش هەستی نارەحەتی و دژواریەکانی ژیانە.

سەرزەوی جێگایەکی زۆرنزم و بێبەها ئاسمانیش سەقفێکی کورتیو تەمەڵ کە قورسای و سەنگینی خۆت خستۆتە سەرسنگی مرۆڤ، مرۆڤیش دەگاتە دۆخێك کەوا دۆخی" خود ناپەسەندییە" واتە بێزاریون لە خود دۆخی خودناپەسەندی دۆخێکە کە مرۆڤەدرۆنەکانە بەوەدەگات و دەیدۆزێتەوە کەوا بەشێکی یان بەشێکی لەخودی خۆی لە سروشتی


د. عەلی شەریعەتی

دروستکراوە لە هەمان ئەو ماددانەی کە لێی بێزارەو لەگەڵیدا هەستی بە نامۆی و غەریبی دەکاتەوە وا هەستی دەکات کە بەبێ رازی بونی ئەو بوونەوەری بێگانەو بێ فام و بێ هەست دامێنی پۆشی خۆی کێشاوە بە سەریدا تەنانەت بەسەربوونی خودیدا، خودی مرۆڤ، ئالێرەدا، هەستی نامۆی و بێگانەی و بێزاری خۆی لەسروشتی دەگوێزێتەوە بۆ بێزاربوون لە خودی خۆی، ئالێرەدا سەرکێشیو هەڵئاوسانو شپرزەی و شۆڕش هەمیشەی بۆ هەڵاتن، دەبێتە گەورەترین ئاواتو خەونی مرۆڤەوە ئادەمیزاد خۆی وادەبینێت کە تەواوەتی وەکو باڵندەیەکی بریندار لە قەفەسێکی تەنگوتاریکدا گیری خواردووەو شێتانە خۆی بەدەرو دیواردا دەکێشێت بە ئومێدی ئەوەی پەنجەرەیەك رووەو دەرەوە واڵا بکات، ئالێرەدایە قوتابخانەو رێبازە جۆراوجۆرەکانیو ئاینەکان و فەلسەفەو هونەرو هاوارو سۆزو ناڵینە سوتێنەرەکانی عیرفانی و هەندێك جاریش حاڵەتێکی نائاسای هاوشێوەی شتێك بوونە لەئادەمیزاد دا دروست دەبێتو روودەدات، لێرەدایە کەوا ئادەمیزاد، هەروەها ئەوانەی کە دەیناسین، لەروخساریدا گوم کردنو لەدەستدانێکی نەبینراو نائاسایی و گۆڕانو ناچونەیەك بوونی لەگەڵ ئەوانداو لەدەستدانی یارمەتی و هاوکاری ، لەژیانی رۆژانەیدا بەدیدەکەن بۆیە ئەو کەلێن و نێوەندەی کە لەگەڵ خەڵکیدا و لەبەرانبەر خەڵکیدا وەریگرتوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت پڕبکرێتەوە.

**سەرچاوە:**

کتێبی هونەر